گوڤارا ئەكاديمى يا زانكويا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٠ ژ.٣، ٢٠٢١/٢٠٢٠
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v10n3a1039

# تایبەتمەندی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی دەڤۆکی کۆیە، لە دەڤەری کۆیە، لێکۆڵینەوەیێکی بەراوردکارییە

م.کاوە طاهر ظاهر، بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمان، زانکۆی نەورۆز، هەرێما کوردستانێ- عێراق

م.م. مؤید بالول رشید، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەرین، هەرێما کوردستانێ- عێراق

**پوختەی لێکۆڵینەوە**

مۆرفۆلۆجی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان و بەشێکی سەرەکییە لە ڕێزمان و گرنگییێکی تایبەتی لە بواری ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر هەر زمانێکدا دیت، لە جیهاندا هەیە. چونکە سەرەتای هەر گۆڕانکارییێکی بە سەر زماندا دێت ئەو گۆڕانکارییە لە مۆرفیم دەست پێدەکات. لەم لێکۆلینەوەیەدا بە ناونیشانی تایبەتمەندی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی دەڤۆکی کۆیە، لە دەڤەری کۆیە, لێکۆلینەوەیێکی بەراووردکارییە، جەخت لەلایەنێکی مۆرفیم دەکات کە مۆرفیمی ڕێزمانی یە لە نێوان سێ دەڤۆکی (هەولێر، کۆیە، سلێمانی)دایە، بۆ دیارکرنی لایەنی وەکیەك و لایەنی جیاواز لە نێوان هەرسێ دەڤۆکدا و دیارکرنی ڕێژەی هەردەڤۆکێك لە دەڤەری کۆیە، بۆ ئەم مەبەستەش زاردەمی خەلکی وەرگیراوە وەکو کەرەستەی خاوی لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی ئەو کەرەستانە بەپێی ڕێبازی بەراووردی.

## 1. پێشەکی

### 1.1 ناونیشانی لێکۆلینەوە

لەم لێکۆلینەوەیەدا بە ناونیشانی تایبەتمەندی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی دەڤۆکی کۆیە، لە دەڤەری کۆیە, لێکۆلینەوەیێکی بەراووردکارییە، کە تێدا باسی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی دەڤۆکی کۆیە ل دەڤەری کۆیە کراوە پاشان هەولدراوە کە ئەم مۆرفیانە زیاتر وەکو دەڤۆکی هەولێری یان سلێمانی یان تایبەتە بە دەڤەری خۆیانەوە.

### 2.1 گرنگیی لێکۆلینەوە

گرنگیی ئەم لێکۆلینەوەیە لەوەدایە، کەوا دەبێتە هۆیەك بۆ دیارکردنی ڕێذەی دەڤۆکی هەولێری یان سلێمانی یان تایبەتە بە دەڤەری کۆیە و تاکو ئێستا هیچ لێکۆلینەوەیێکی ئەکادیمی لەبارەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ئەم دەڤۆکە ئەنجام نەدراوە.

### 3.1 ڕێبازی لێکۆلینەوە

ئەم لێکۆلینەوەیە بەپێی ڕێبازی بەراوردی ئەنجامدراوە.

### 4.1 ئامانجی لێکۆلینەوە

ئامانج لە نووسینی ئەم لێکۆلینەوەیە گەیشتنە بە وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

أ. ئایە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ئەم دەڤۆکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە؟

ب. ئایە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ئەم دەڤۆکە زیاتر سەر بە مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی دەڤۆکی هەولێرە؟

ج. ئایە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ئەم دەڤۆکە زیاتر سەر بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دەڤۆکی سلێمانییە؟

### 5.1 کەرستەی لێکۆلینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەزاری سۆرانی نوسراوە و نمونەش لە زاردەمی خەلکی دەڤۆکی کۆیە لە دەڤەری کۆیە و هەندێك نمونەی دیکەش لە زاردەمی دەڤۆکی هەولێر و سلێمانییە، لەگەڵ وەرگرتنی هەندێك نمونە لە سەرچاوە و پەرتوکی باوەرپێکراو.

### 6.1 ناوەرۆکی لێکۆلینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بە ناونیشانی(مۆرفیم و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان)، و ئەم تەوەرانە لە خۆ دەگرێت: (چەمکی مۆرفیم)،(پێناسەی مۆرفیم)،(جۆری مۆرفیم)،(هەندێك تایبەتمەندیی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان). بەشی دووەم بە ناونیشانی(مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دەڤۆکی کۆیە و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەڤۆکی هەولێر و سلێمانی)، کە تێیدا باسی ئەم تەوەرانە کراوە: (مۆرفیمی دەمی کار)،(مۆرفیمی بەردەوامی)،(مۆرفیمی دووری)،(مۆرفیمی تەواوەتی)،(مۆرفیمی کاری فەرمانی)،(مۆرفیمی نەرێکردن)،(مۆرفیمی ناسراو)،(مۆرفیمی نەناسراو)،(مۆرفیمی پلەی هەوالناوی)،(مۆرفیمی ڕێککەوتن)،(مۆرفیمی بکەر نادیاری)،(مۆرفیمی ڕەگەزی)،(مۆرفیمی کۆکردن)،(مۆرفیمی وەکیەکی).

## 2. بەشی یەکەم: مۆرفیم و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان

### 1.2 کورتەیەك لە بارەی مۆرفیمەوە

ئەگەر سەیری مێژوی قۆناغەکانی بابەتی زمانەوانی بکەین، بە شێوەیەکی گشتی، دەبینین گۆڕانکارییێکی بەرچاو بەسەر ئەم بابەتەدا هاتووە و لە هەر قۆناغێکیشدا هەندێ لایەنی شاراوە دەرکەوتون کە شایەنی ئەوە بون لێکۆڵینەوەی وردتر و زانستییانەتری لەبارەوە ئەنجامبدرێت. یەکێك لەو لایەنانەش کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری زمان و ئەو گۆڕانکارییە دیارانەی بەسەر زماندا هاتون مۆرفیمە. بۆیە لە زۆربەی قوتابخانە زمانەوانییەکاندا گرنگییەکی باشی پێدراوە (شێروان حوسێن خوشناو 2016،ل17 ). فێردینان دی سوسێر یەکەمین کەس بووە، کەوا باسی زمانەوانیی نوێی کردووە بەشێوەیەکی زانستی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەوا کاریگەرییێکی بەرچاوی هەبێت لەسەر زمانەوانانی دوای خۆی و بۆچونەکانی دی سۆسێر بکەنە بونیادێك بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەکانی خۆیانی لەسە بونیاد بنێن. ئەو قوتابخانانەی لەسەر ڕێبازی سۆسێر ڕۆشتون، ئەمانە بوون: (پراگ، کۆپنهاگن، ئەمریکی). پاشان (لیونارد بلۆمفیلد)، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی بونیادگەری ئەمریکییە و، بە تەواوکەری قوتابخانەی دی سۆسێر دەناسرێت. لەم قوتابخانەیەدا زیاتر گرنگیی بەلایەنی فۆرم و شێوە دەدرا و، لایەنی واتایی فرامۆشکرابو. چونکە بە بۆچونی ئەوان، واتا هیچ فۆرم و شێوەی نییە، تاکو بتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەبارەوەبکرێت. (سەگڤان جەمیل محمد ،2016 ل17-19). ڕێزمانزانە کۆنەکان بە شێوەیەك پێناسەی وشەیان دەکرد، گوایە بچوکترین دانەی واتاداری زمانە. بەڵام ئەم بۆچونە لەلایەن زمانزانە نوێیەکان و بەتایبەتی قوتابخانەی ڕۆنانکاری، ڕەتکرایەوە و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا دەتوانرێ وشە بۆ چەند یەکەیەکی بچوکتر دابەشبکرێت، کە واتاداربێت یان ئەرکێکی ڕێزمانیی هەبێت و ناویان لێنا (مۆرفیم) (شێروان حوسێن خوشناو 2016 ).

### 2.2 چەمکێ مۆرفیم

مۆرفیم زاراوەیێکی گریکییە و لە دوو بەش پێکدیت، ئەوانیش(morph - فۆرم) هەروەها ( eme– یەکەیەکی جیاکەرەوە)، بەو واتایەی کەوا مۆرفیم یەکەیێکی جیاکەرەوەیەو لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانرین وشەکانی زمان شیبکرینەوەو لێکجیابکرێنەوە. (زێرین خورشید سلیم 2012 ل13 )

پێناسەکانی مۆرفیم :

— ((مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە)) (ئەورەحمانێ حاجی مارف1977 ل35 )

— مۆرفیم پێناسە دەکرێن وەکو بچوکترین یەکەی زمانی، کەوا خاوەنی واتا بێت یان ئەرکێکی ڕێزمانیی هەبێت. (Jirka Hana P1 2011)

لەم پێناسانەی سەرەوەدا چەند خاڵێکمان دەردەکەوێت، کە بەکورتی ئەمانەی خوارەوەن:

- مۆرفیم بچوکترین دانەی ڕێزمانییە، کە ناتوانرێت بۆ دانەی بچوکتر دابەشبکرێت، بێ ئەوەی واتای لەدەست بدات. بۆ نمونە:

  بخۆ(کاری داخوازی یە) ب (مۆرفیم) + خۆ (مۆرفیم)

  هەروەکو دەبینین کە مورفیمی (ب) لەکاری داخوازی (بخۆ) دا بچوکتر نابێتەوە.

- پێویستە مۆرفیم واتای هەبیت، وەکو وشەی سەربەخۆ (کورسی، ئاسن ، دار، دیوار... هتد) یان ئەرکێکی ڕێزمانیی هەبیت. بۆ نمونە لەکاری رابردوی دوور (چوبوو) دا:

  چوبوو ------------ (بوو ) نیشانەی رابردوی دورە و ئەرکێکی ڕێزمانیی هەیە، هەروەها مۆرفیمی ( چوو )ش، دیسان کارە و مورفیمی سەربەخۆیە. (بازیان یونس محێدین، 2013 ، ل30).

### 3.2 جۆرەکانی مۆرفیم

زۆربەی زمانەوانەکان مۆرفیم دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی دەکەن، ئەوانیش؛ ( مۆرفیمە ئازادەکان و مۆرفیمە بەندەکان)ن.

### 4.2 مۆرفیمە ئازادەکان

ئەو جۆرە مۆرفیمانەن، کەوا دەتوانن بە تەنها بەکابێن و، واتای تەواو بەدەستەوەبدەن، کە ئەم بەشە ئاخاوتنانە دەگرێتەوە؛ (ناو، جێناو،ئاوەڵناو، کار، ئاوەلکار) وەکو؛ ( ئازاد، ئەو، باش، چوو، بەیانی ... هتد) (زێرین خورشید سلیم، 2012 ، ل17 ).

ڕاستە ئەم جۆرە مۆرفیمانە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە زماندا، بەڵام ناتوانن بەهەمو ئەرکەکانی زمان هەڵسن. بۆیە زۆر جار دەبینین بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئەرك، ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ مۆرفیمی بەند یەکدەگرن بۆ نەهێشتنی کێشەی دەربڕین و ئەرکە ڕێزمانییەکان. بۆیە زمانزانەکان مۆرفیمی ئازاد، دابەشی سەر دوو جۆری دیکە دەکەن:

**1.4.2 فەرهەنگی (لێکسیکی)**

ئەم جۆرە مۆرفیمانە دەتوانن بەتەنیا بەکاربێن و، هەروەها دەتوانن مۆرفیمە بەندەکانیش وەرگرن. بەڵام کاتێك مۆرفیمی بەند وەردەگرن، واتاییێکی نوێ دروستدەبێت. بۆ نمونە؛

دەست (دەستك، دەستار، دەستە) لێرەدا مۆرفیمی (دەست ) مۆرفیمی سەرەکییە، بەڵام وشەکانی دیکە، بەهاوکاریی مورفیمە بەندەکانی (ك، ار، ە) توانیویانە واتای سەرەکیی (دەست) بگۆرن بۆ چەند واتاییێکی جیا.

2- ئەرکی: وەکو (بۆ، بە، ب، ژ، ...هتد) کە ئەمانەش هەندێك مۆرفیمن، کەوا گۆرانکارییان بەسەردا نایەت و، فۆرمەکەشیان جێگیرە و وەك خۆیان دەمێنن، کە پێیان دەڵێن وشە-مۆرفیم. (سەگڤان جەمیل محەمەد، 2016، 26)

**2.4.2 مۆرفیمە بەندەکان( Affixe)**

زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ مۆرفیمی بەند کراون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەوا مۆرفیمی بەند بەتەنها واتای تەواو بەدەستەوە نادات. یان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەوا ئەم مۆرفیمانە ناتوانن بەتەنها بەکاربێن، بەڵکو بەیارمەتیی مۆرفیمێکی ئازاد یان وشەیەك دەتوانن لە ناو زماندا بەکاربێن و واتاییێکی تەواو بگەیەنن. هەروەکو لەم پێناسانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

-((ئەو مۆرفیمەیە کە بەتەنیا مانای نییە و سەربەخۆ بەکارنایەت، بە مۆرفیمێکی تر دەردەکەوێ)) (لەیلا جەلیل عەباس، 1988، ل44)

-ئەو مۆرفیمانەن کەوا بەتەنها دەرناکەون هەموکاتێك دەبنە بەشێك لە وشە (Fromkin, 1988, 114).

زمانزانەکان مۆرفیمە بەندەکانیان بۆ چەند جۆرێك دابەشکردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **پێشگر- Prefix:** ئەم زاراوەیە لە وشەی لاتینی (Prefixus) وەرگیراوە، کە وشەیەکی لێکدراوەو لە دوو بەش پێکدێت، ئەوانیش: (pre) واتە (پێش، بەری... هتد)، هەروەها (Fixus) بەواتای (چەسپاو، پێڤەمای، لکاو) دێت. (ئەورەحمانێ حاجی مارف، 1977، 36). ئانکو، واتە ئەم پێشگرە لە پێش وشەیەك یان مۆرفیمێکی ئازاد دێت، جا چ مۆرفیمەکە ڕێزمانی بێت، یان داڕشتنبێت. هەروەکو لەخوارەوە دیاریکراوە:

أ. پێشگرە ڕێزمانییەکان: ئەو مۆرفیمانەن کەوا دەکەونە پێش وشە یان ڕەگی کار و، بە ئەرکێکی ڕێزمانی هەڵدەستن و، پەیوەندییێکی ڕێزمانی لەناو ڕستەدا دیاریدەکەن. ئەمەش دابەش دەبێتە سەر چەند مۆرفیمێکی دیکەی وەکو؛ (مۆرفیمەکانی ڕانەبردو(ئێستا و داهاتو)، مۆرفیمی کاری فەرمانی و مۆرفیمی نەرێ) (زێرین خورشید سلیم، 2012، ل20-21) بۆ نمونە:

- ئێستا دەخۆت دە خۆت بخۆ ناخۆت
- م.ك. ئێستا م.ك. داهاتوو م.ك.فەرمانی م. نەرێکردن

ب. پێشگرە دارشتنییەکان: ئەو جۆرە مۆرفیمانەن کەوا دەچنە سەر وشە و مۆرفیم و واتایان دەگۆڕن، و وشەیێکی نوێ دروست دەکەن (محمد مشير جبرائيل، 2013، ل22)، وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

- مۆرفیمی (بە، ب) وەکو: (بهێز، بەسۆز، بەدڵ.....)
- مۆرفیمی (بێ) وەکو: (بێ سوز، بێ هێز، بێ وەفا...)
- مۆرفیمی (هەڵ) وەکو: (هەڵگرتن، هەڵبژاردە، هەڵواسین....)

- **پاشگر Suffix :** ئەم زاراوەیە لە وشەی لاتینی (Suffixes)ەوە هاتووە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە (SU) بە واتای پاش دێت، هەروەها (Fixes) بە واتای (چەسپاو، پێڤەمای، لکاو)دێت، ئانکو بەو مۆرفیمانە دەڵێن پاشگر، کەوا بەکۆتایی وشەوە دەلکێن و دەبنە هۆی گۆرینی فۆرم و واتای وشەکە. لێرەدا پاشگریش هەروەکو پێشگر دەبنە دوو جۆر ، (پاشگرە ڕێزمانیەکان و پاشگرە دارشتنییەکان). (ڕۆژان نوری عبدالله، 2007، ل27)

أ. پاشگرە ڕێزمانییەکان: ئەو مۆرفیمانەن کە بە کۆتایی وشەوە دەنوسێن و ئەرکێکی ڕێزمانی دەگێرن. وەکو مۆرفیمەکانی ناسراو و نەناسراو، و مۆرفیمەکانی کۆکردنەوە .... هتد)(دلبرین عەبدوللا عەلی، 2013، ل22) وەکو :

- کچ + ە کە------------------------ کچەکە. لێرەدا (ەکە) ئەرکە ڕێزمانییەکەی مۆرفیمی ناسراوە و، کەوتۆتە کۆتایی وشەی کچ.
- گوڵ + ێك ______________ گوڵێك. لێرەدا (ێك) ئەرکە ڕێزمانییەکەی مۆرفیمی نەناسراوە و، کەوتۆتە کۆتایی

وشەی گوڵ. ب- پاشگرە دارشتنییەکان: ئەو جۆرە مۆرفیمانەن کە بەکۆتایی وشەوە دەلکێن و دەبنە هۆی گۆڕینی فۆرم و واتای وشەکە (هەمان ژێدەر، ل27) وەکو:

- پاشگری (مەند) وەکو: (بیرمەند، هونەرمەن،...)

- پاشگری (باز) وەکو : (فێلباز، سەرباز،....)

- **نێوگر– (Infix):** ناوگر-یش لە وشەی لاتینی (Infixum)ەوە وەرگیراوە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە (IN) بە واتای (ئێخستنە دناڤ ، تێ، تێرا )دێت، و (Fixum) بە واتای (پێڤەمان، گرتن) دێت. (ئازاد ئەحمەد محمود، 2004، ل40)

هەروەها نێوگر لەلایەن چەندین زمانزانەوە پێناسەکراوە، وەکو (عەبدولسەلام نەجمەدین، شێرزاد سەبری، 2011، ل162) دەڵێن :((نێڤگر د زمانێ کوردیدا نێڤگرێن کارینە و رولێ تێپەراندنێ دبینن))، هەروەها (وریا عومەر ئەمین، 2009، ل119) دەڵێت:

ناوگر ئەو ئەفێکسەیە کە لەناو ڕەگدا دەردەکەوێت.

بۆ نمونە نێوگرەکانی (ا، ێ) لە گەلێك نمونەدا دیاردەبێت، و کاتێك لەناو ڕەگی وشەدا بەکادێن، دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشکە. وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ڕژت | ڕێژت |
| ئاخفت | ئاخێفت (ئاخاڤت). |
| شیر | شێر |

- **ناوبەند –Interfix :** ئەو جۆرە مۆرفیمانەن، کاتێك بە تەنها دێن، ناتوانن واتایێکی تەواو ببەخشن، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکی و گاریگەر لە دروستکرنی وشەی لێکدراودا دەبینن. (محەمەد مشیر جبرائیل،2013، ل23). ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین، دەبینین ژمارەیێکی زۆر وشەی لێکدراو هەن، کەوا بەهاوکاری ناوبەند دروستبون، وەکو:

-ناوبەندی(ە) وەکو : ڕەشەباش

-ناوبەندی (او) وەکو : ڕەنگا و ڕەنگ

-ناوبەندی (و) وەکو : هات و چۆ

-ناوبەندی(ان) وەکو: سەرانسەر

لێرەوە ئێمە لەبارەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانەوە ڕادەوەستین، کە بابەتی سەرەکیی لێکۆلینەوەکەمانە و، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا چەند جۆر مۆرفیمی لە زمانی کوردیدا هەیە و، بەراووردی بکەین لە نێوان هەرسێ ناوچەی (هەولێر، کۆیە، سلێمانی)دا، پاشان دیاریکردنی ڕێژەی سەدیی هەر یەکێکیان و دیاریکردنی ئەوەی کە، ئایا لە ناوچەی کۆیە، مۆرفیمی ڕێزمانیی تایبەت بەخۆیان هەیە یان نا؟، هەروەها دیاریکردنی ئەوەی زیاتر کەوتۆتە ژێرکاریگەریی هەولێر یان سلێمانی، هەروەها ڕێژەی هەریەکەیان چەندە؟

## 5.2 مۆرفیمە ڕێزمانییەکان (وشە گۆڕ- GRAMATICAL OR INFLECTIONAL MORPHEME

مۆرفیمە ڕێزمانییەکان- INFLECTIONAL MORPHEME ئەم جۆرە مۆرفیمە ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت، وشەی نوێ لەناو فەرهەنگدا زیاد ناکات، بەڵکو ئەرکێکی ڕێزمانی وەردەگرێت. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بە مۆرفیمی ئەرکیش دەناسرێن. ئەم جۆرە مۆرفیمە واتایێکی مۆرفۆلۆژی و ئەرکێکی سینتاکسی دەبینێت (محمد عبدالوهاب شحاتە، 191,1998( هەندێك تایبەتمەندیی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان:

أ. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان پۆلی وشە ناگۆڕن(STAGEBERG.N.C,1981,92) وەکو؛

- کچ( ناوە): کچەکە (ناوە. هەرچەندە مۆرفیمی ناسراوی وەرگرتووە، بەڵام هەر ناو ماوەتەوە)

ب. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە کۆتایی ناوەکان دێن (STAGEBERG.N.C,1981,92) وەکو؛

- کوڕ+ان= کوڕان.

ج. هەمو کارێکی ڕابردو د هتوانن مۆرفیمی دوور وەربگرن(STAGEBERG.N.C,1981,92) وەکو؛- گرت+بوو= گرتبوو.

د. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان هەندێك بنیاتیان هەیە، کەوا ناگۆڕێن بۆ شوێنێکی دیکە(محمد مەعروف و سەباح ڕەشید,55,2006) وەکو

- مۆفیمی کۆکردن( ان) دەچێتە سەر ناو و ناچێتە سەر کار, دیسان هەموو مۆرفیمە دەمییەکان لەگەڵ کار دێن و لەگەڵ ناو نایەن.

ه. لە زمانی کوردیدا لەتواناداا هەیە، زیاتر لە مۆرفیمێکی ڕێزمانی بەدوای یەکدا بێن (شێرزاد صبری و ئاراس مونیب,85,2016) وەکو؛

- هاوڕێ+ی+هکە+ان+م= هاورێیەکانم.

## 3. بەشی دووەم: مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دەڤۆکی کۆیە و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەڤۆکی هەولێر و سلێمانی

گەلێك بۆچون لەسەر جۆری مۆرفیمە ڕێزمانییەکان هەیە، بەڵام بە شێوەیێکی گشتی لەم جۆرانە پێکدێت:

(مۆرفیمی دەمی کار)،(مۆرفیمی بەردەوامی)، (مۆرفیمی دووری)، (مۆرفیمی تەواوەتی)، (مۆرفیمی کاری فەرمانی)، (مۆرفیمی نەرێکردن)، (مۆرفیمی ناسراو)، (مۆرفیمی نەناسراو)، (مۆرفیمی پلەی هەواڵناوی)، (مۆرفیمی ڕێککەوتن)، (مۆرفیمی بکەر نادیاری)، (مۆرفیمی ڕەگەزی)، (مۆرفیمی کۆکردن)، (مۆرفیمی وەکیەکی).:

### 1.3 جێناوە کەسییەکان

لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، فۆرمی سەرەکیی ئەکادیمی، بەتایبەتی لە جێناوی کەسیی سەربەخۆدا، شێوەی دەربڕینی سلێمانی بەکاردێت. وەکو؛ (من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان). بەڵام لە هەولێرەوە تاوەکو پشتدەر و تەنانەت موکریانیش، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف. ٢٠١٤. ٩٧) بۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاک، پیتی هەمزە(ئ) لە سەرەتای جێناوەکان زیاد دەکرێت. وەکو؛ (ئەمن، ئەتوو). هەروەها لە هەولێر و کۆیە، بۆ کەسی یەکەم و دووەمی کۆ، سەرەڕای زیادکردنی هەمزە، گۆڕانێکی تری دەنگی دروستدەبێ. بۆ نمونە؛ (ئێمە) دەبێت بە (ئەمە). بەڵام فۆرمی جێناوی کەسی دووەمی کۆ گۆڕانێکی زیاتری بەسەردادێت، کەوا لە (ئێوە)وە دەبێت بە (ئەنگۆ).

هەرچی جێناوە لکاوەکانن، لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، جیاوازی و گۆڕانێکی وا بەدی ناکرێ لەنێوان دەڤەرە جیاوازەکاندا. بۆ نمونە؛

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| ئەمن دیارییەکەت لۆ دەکڕم. | ئەمن دیارییەکەت لۆ دەکڕم. | من دیارییەکەت بۆ ئەکڕم. |

### 2.3 جێناوی نیشانە

جێناوی نیشانە بە گشتی لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، (دوور، نزیک). لە شێوەی نوسینی ئەکادیمی و پەروەردەییدا، زیاتر شێوەی دەربڕینی سلێمانی بەکاردێت. (ئەم/ئەمە) بۆ تاکی نزیک، (ئەمان/ئەمانە) بۆ کۆی نزیک. هەروەها (ئەو/ئەوە) بۆ کۆی دوور، (ئەوان/ئەوانە) بۆ کۆی دوور. هەرچی شێوەی دەربڕینی هەولێر و کۆیەیە، جێناوی نیشانەی نزیک (ئەو/ئەوە)یە، بۆ کۆی نزیکیش (ئەو/ئەوانە) بەکاردیت. بەڵام بۆ حاڵەتی دوور، لە تاک و کۆدا، لە شێوەی ئاخاوتنی هەولێردا (ئەوێهی/ئەوانێهێ) بەکاردێت. بەڵام لە شێوەی کۆیەدا، وشەی (هۆوە) بۆ دوور و وشەی (هۆوەی) بۆ زۆر دوور بەکاردێت. بۆ نموونە؛ ئەو خانووە. ئەو خانووەی هۆوە.

| | شێوەی کۆیە | | شێوەی هەولێر | | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| تاک | نزیک:(ئەو/ئەوە)<br>دور:(هۆوە) | تاک | نزیک:(ئەو/ئەوە)<br>دور:(ئەوێهێ) | تاک | نزیک:(ئەم/ئەمە)<br>دور:(ئەو/ئەوە) |
| کۆ | نزیک:(ئەو/ئەوانە)<br>دور:(هۆوەی) | کۆ | نزیک:(ئەو/ئەوانە)<br>دور:(ئەوانێهێ) | کۆ | نزیک:(ئەمان/ئەمانە)<br>دور:(ئەوان/ئەوانە) |

### 3.3 جێناوی پرس

لە شێوەی دەربڕینی سلێمانیدا، مۆرفیمەکانی: (کام، چۆن، کەی، کوێ، کێ، چی، کوا) بۆ پرسیارکردن لە: (دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی کەس و شت، چۆنیەتی ڕودان، دیاریکردنی کات، دیاریکردنی شوێن، دیاریکردنی کەس، دیاریکردنی شت، هەبونی شتێک، ...) بەکاردێن. بەڵام لە شێوەی ئەخاوتنی هەولێردا، مۆرفیمەکان بریتین لە: (کیهان، کوو، کەنگین/کەنگینێ، کێ/کێندەرێ، کێ، چ، کا) (هەمان سەرچاوە. ٢٦٩). هەروەها لە شێوەی دەربڕینی کۆیە-دا، بریتین لە: (کام/کامە، کوو، کەنگین، کێ/کێندەر، کێ، چی/چ، کوا). کەواتە؛ لە کۆی حەوت(٧) جێناوی پرسدا، قسەپێکەرانی شێوەی کۆیە، سێ(٣) دانەی وەکو شێوەی سلێمانییە، هەروەها سێ(٣) دانەیشی لە شێوەی هەولێر دەچێ، بەڵام لە دانەیەکیاندا هەم شێوەی سلێمانی و هەم شێوەی هەولێر بەکادێنێ، ئەویش (چی،چ)یە.

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| (کام/کامە، کوو، کەنگین، کێ/کێندەر، کێ، چی/چ، کوا) | (کیهان، کوو، کەنگین/کەنگینێ، کێ/کێندەرێ، کێ، چ، کا) | (کام، چۆن، کەی، کوێ، کێ، چی، کوا) |

### 4.3 دەمەکانی کار

#### 1.4.3 کاری ڕانەبردوو

لە شێوەزاری سلێمانیدا، مۆرفیمی (ئە) بۆ حاڵەتی ڕانەبردوو بەکاردێت. وەکو؛ (ئەنوسم). بەڵام لە هەردوو شێوەزاری هەولێر و کۆیە-دا، مۆرفیمی (دە)

بەکاردێت، کەوا هەمان فۆرمە کە، لە بواری نووسینی ئەکادیمیادا بەکاردێت. وەکو؛ (دەنوسم).

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| دە (دەنوسم) | دە (دەنوسم) | ئە (ئەنوسم) |

### 2.4.3 کاری رابردوو

#### 1.2.4.3 رابردووی سادە

لە شێوازی دەربڕینی کاری رابردووی سادەدا، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ لە نێوان هەرسێ شێوەزارەکانی (هەولێر و سلێمانی و کۆیە)دا. بۆ نمونە؛ (هاتم، چوین، فڕی،...).

#### 2.2.4.3 رابردوی تەواو

لە کرداری رابردوی تەواودا، قسەپێکەرانی شێوەزاری هەولێر و کۆیە، هەمان جۆری مۆرفیم بەکاردێنن. ئەویش مۆرفیمی (یە)یە، کەوا بە کۆتایی کردارەکەوە دەلکێت. بۆ نمونە؛ (هاتییە، خواردییە، ئەو خۆی کوشتییە) (عەبدولواحید موشیر. ٥٤). بەڵام لە شێوەی دەربڕینی سلێمانیدا، مۆرفیمی (ووە) بەکاردێت، کەوا زیاتر فۆرمێکی ئەکادیمییە. وەکو؛ (هاتووە، خواردووە).

#### 3.2.4.3 رابردووی بەردەوام

نیشانە یاخود مۆرفیمی کاری رابردوی بەردەوام، هەمان نیشانەی کرداری رانەبردووە، ئەویش مۆرفیمی (دە)یە. لێرەدا دیسان لە شێوازی دەربڕینی هەولێر و کۆیەدا، هەمان فۆرمە ئەکادیمییەکە بەکاردێت، کە (دە)یە. نمونە؛ (دەهاتین، دەمانهێنا). بەڵام بە هەمان شێوەی کرداری رانەبردو، لە شێوەزاری سلێمانیدا، مۆرفیمی (ئە) بەکاردێت. بۆ نمونە؛ (ئەهاتین، ئەمانهێنا).

#### 4.2.4.3 رابردوی دوور

لە شێوازی دەربڕینی کاری رابردوی دووردا، هەرسێ شێوەزارە ناوچەییەکان (هەولێر و سلێمانی و کۆیە)، هەمان فۆرم بەکاردێنن کە ئەویش پێکدێت لە؛ قەدی چاوگ/رابردوی سادە لەگەڵ مۆرفیمی (بوو). بۆ نمونە؛ (نووسیبووت، چاندبووم، هاتبوو،...).

| شێوەی کۆیە | | شێوەی هەولێر | | شێوەی سلێمانی | |
|---|---|---|---|---|---|
| رابردوی سادە | هاتم | رابردوی سادە | هاتم | رابردوی سادە | هاتم |
| رابردوی تەواو | هاتییە | رابردوی تەواو | هاتییە | رابردوی تەواو | هاتووە |
| رابردوی بەردەوام | دەهاتین | رابردوی بەردەوام | دەهاتین | رابردوی بەردەوام | ئەهاتین |
| رابردوی دوور | هاتبوو | رابردوی دوور | هاتبوو | رابردوی دوور | هاتبوو |

### 5.3 نیشانەی ناسراوی

لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، (ەکە) نیشانەی سەرەکیی ناسراوییە. بەڵام چەند فۆرمێکی تریشی وەرگرتووە، وەکو؛ (کە، یەکە، ە). لە دەربڕینی حاڵەتی ناسراویدا، جیاوازییەکی کەم لە نێوان شێوەزاری (هەولێر و سلێمانی و کۆیە)دا هەیە، ئەویش لە نێوان فۆرمی (کە، یەکە)یە. بۆ نمونە؛ (دارەکە، تاقگەکە، هەرمێکە/هەرمێیەکە،...). واتە؛ لە شێوازی هەولیر و کۆیەدا (هەرمێیەکە) و، لە شێوازی سلێمانیدا (هەرمێکە) بەکاردیت.

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| یەکە (هەرمێیەکە) | یەکە (هەرمێیەکە) | کە (هەرمێکە) |

### 6.3 نیشانەی نەناسراوی

بە گشتی نیشانەی نەناسراوی سێ فۆرمی هەن لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا، ئەوانیش؛ (ەک، ێک، ێ)ن. لە شێوەی دەربڕینی هەولیر و کۆیەدا، زیاتر فۆرمی (ەک) بەکاردیت. وەکو؛ (کوڕەک، کچەک، پیاوەک،...). هەرچەندە لە شێوەی سلێمانیدا، فۆرمی (ێک) بەکاردێت، کە فۆرمە ئەکادیمییەکەیە. بەڵام بەهۆی کورتبڕی و ئابوریکردن لە زمانی رۆژانەدا، دەنگی (ک) دەقرتێنریت و تەنیا (ێ) دەمێنێتەوە. بۆ نمونە؛ (کوڕێ، کچێ، پیاوێ،...).

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| ەک (کوڕەک) | ەک (کوڕەک) | ێ/ێک (کوڕێ) (کوڕێک) |

### 7.3 کاری بکەر نادیار

بکەر نادیاری لە هەمو زمانێکدا بەواتای شاردنەوەی بکەری رستە و جێگرتنەوەی لەلایەن بەرکارەوە. لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، مۆرفیمی (ر) نیشانەی نادیارییە، بە پێی دەمەکانی کار مۆرفیمی (ا) بۆ کاتی رابردو، هەروەها مۆرفیمی (ێ) بۆ رانەبردو، دەخرێنە سەر مۆرفیمە نادیارەکە. (عبدولواحید موشیر. ٢٠١٤. ٢٠٨). لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، بەتایبەت کۆیە هەولێر و سلێمانی، بە شێوەیەکی گشتی، هەمان فۆرم بەکاردێنن. بۆ نمونە؛ (دەرکرا، خەڵاتکرا،...)، (دەنوسرێ، دەبردرێ). بەڵام لە هەولێر و کۆیە، حاڵەتیکی تایبەت هەیە، ئەویش زیادکردنی پاشگری (تن)ە بۆ سەر کۆتایی کردارە بکەر نادیارەکە. وەکو؛ (دەخوێنرێتن، دەهێنرێتن).

### 8.3 مۆرفیمی رەگەزی

دەربڕینی رەگەزی نێر و مێ لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا کەم بەکاردێت. بەڵکو بەرەو کالبوونەوەیە. بەتایبەت لە هەرسێ شێوەزاری (هەولێر و سلێمانی و کۆیە).

هەرچەندە لە بەشێکی پارێزگای هەولێر، بەتایبەت بەشی باکور بەکاردێت، لەگەڵ دەڤەری پشدەر و موکریانیش، بەڵام لەچاو کرمانجیی ژووروو ڕێژەکەی زۆر کەمە. (ئەورەحمان. ٢٠١٤. ١٨٢).

أ. بۆ حاڵەتی بانگکردن، لە هەولێر و سلێمانی، مۆرفیمی (ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەکاردێن. بۆ نموونە؛ (کوڕە وەرە، کچێ وەرە). هەرچەندە لە شێوەزاری کۆیە-شدا هەمان مۆرفیم بەکاردێن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی ناوازەدا، مۆرفیمی (ە)ی نێر بۆ بانگکردنی کچ-یش بەکاردێنن. وەکو؛ (کچە وەرە).

ب. لە حاڵەتی خستنەسەردا، واتە دیارخەر و دیارخراو، بەشی دیارخەر(بەشی دووەمی فرێزە ناوییەکە)، لە شێوازی دەربڕینی هەولێریدا، (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەکاردێن. بۆ نموونە؛ (بابی ئازادی) (داکی نەسرینێ). هەرچەندە لە شێوەزاری کۆیە-شدا هەمان مۆرفیم بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن، بەڵام لێرەدا جاروبار توشی لادان دەبێ لە بەکارهێنانی مۆرفیمەکان لە فۆرمە باوەکەدا، ئەویش بەکارهێنانی هەمان مۆرفیمی نێرە بۆ حاڵەتی مێ. بۆ نموونە؛ (داکی نەسرینی، داکی نازداری). هەرچی شێوازی سلێمانییە، ئەم نیشانانەی نێر و مێ کەمتر بەکاردێنن، یاخود هەر بەکاری ناهێنن. وەکو؛ (باوکی ئازاد) (دایکی نەسرین).

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| (کوڕە وەرە) (کچێ/کچە وەرە) | (کوڕە وەرە) (کچێ وەرە) | (کوڕە وەرە) (کچێ وەرە) |
| (داکی ئازادی) (داکی نەسرینێ/ داکی نەسرینی) | (داکی ئازادی) (داکی نەسرینێ) | (دایکی نەسرین) |

## 9.3 کرداری دانانی

لە کرداری دانانیدا، کارەکە روینەداوە، بەڵام وەکو هیوا خواستن داوادەکرێ. واتە ئەگەر رویبدایە، ئەوا ئەنجامەکەی بە شێوەیەکی تر دەبو. (یارا قادر. ٢٠٠٨. ٤٤). لە زمانی کوردیدا، کرداری دانانی بەهۆی مۆرفیمی (ب) دروستدەکرێت. کەواتە دەتوانرێ بوترێ، لە هەرسێ شێوازە ناوچەییەکانی (هەولیر و سلێمانی و کۆیە)دا، هەمان مۆرفیم بەکاردێت و ئەرکە ڕێزمانییەکەی جێبەجێ دەکات. بەڵام لە شێوازی سلێمانیدا، مۆرفیمی (ب) بە شێوەیەکی جیاوازتر لە هەولێر و کۆیە بەکاردەهێنرێت. واتە شوێنی دانانی (ب) لە نێو کردارەکەدا جیاوازە. هەروەها لەگەڵ زیادکردنی پاشگری (ایە). بۆ نموونە لە سلێمانی-دا دەگوترێ؛ (بریا تۆش لێرە بویتایە). بەڵام لە هەولێر و کۆیە دەگوترێ؛ (بریا ئەتوش لێرەبای).

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| بریا ئەتوش لێرەبای | بریا ئەتوش لێرەبای | بریا تۆش لێرە بویتایە |

## 10.3 شێوازی فەرماندان(فەرمانی)

لە شێوازی کرداری فەرمانیدا، تەنیا کەسی یەکەم دەتوانێ فەرمان بەسەر کەسی دووەمدا بکات بە تاک و کۆ و، تەنیا لە کاتی رانەبردودا. بە هەمان شێوەی دانانی، بە خستنەسەری مۆرفیمی (ب)ەوە بنیاددەنرێ. بۆ نموونە؛ (نامەکە بنێرە، وانەکە بخوێنن). لێرەدا دەکرێ بڵێین، لە هەرسێ دەڤەری ناوبراو هەمان فۆرم بەکاردێت و جیاوازییان نییە.

لە شێوازی نەرێکردنی فەرمانیدا، دوو مۆرفیم هەن، (نە، مە) (ئەوڕەحمان. ٢٠١٤. ٣١٠) لێرەشدا بەهەمان شێوەی ئەری، جیاوازییێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ. بۆ نموونە؛ (مەنوسن، مەیسوتێنە) (نەیخۆی، لەبیرم نەکەی).

## 11.3 پلەکانی ئاوەڵناو

لە زمانی کوردیدا، ئاوەڵناو سێ پلەی هەیە، (سادە/چەسپیو، بەراورد، باڵا). پلەی سادە، فۆرمی ئاوەڵناوە لە شێوەی ئاساییدا و، پلەی بەراورد بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمی (تر)، هەروەها پلەی باڵا بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمی (ترین) دروستدەبن. ئەمانە فۆرمی سەرەکین و لە گشت ناوچەکانی کرمانجیی ناوەڕاستدا بەکاردێن. وەکو؛ (جوان، جوانتر، جوانترین). بەڵام لە هەندێ دەڤەر بۆ پلەی باڵا فۆرمی جیاواز بەکاردێ. واتە دروستبونی فۆرمەکە بە ڕێگەی لێکسیکی. بەتایبەی پارێزگای هەولێر و دەڤەری موکریان. بۆ نموونە؛ (هەرەجوان، لە هەمووان جوانتر) (ئەوڕەحمان. ٢٠١٤. ١٨٨). لێرەدا، خەڵکی کۆیەش بەهەمان شێوەی دەڤەری هەولێر و دەڤەری سۆران، بە شێوەیەکی باو ئەم ڕێگە لێکسیکییە بەکاردێنێ.

| شیوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| جوانترین/هەرەجوان | جوانترین/هەرەجوان | جوانترین |

## 12.3 نیشانەی کۆ

لە زمانی کوردیدا، چەند مۆرفیمێک هەن کەوا بچنە سەر هەر ناوێکی تاک، دەیکەن بە کۆ. وەکو؛ (ات، جات، هات، ەها،...) (ئەوڕەحمان. ٢٠١٤. ١٥١) بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی، فۆرمێکی باو هەیە کە لە گشت ناوچە جیاوازەکاندا بەکاردێ، ئەویش بە هۆی خستنەسەری مۆرفیمی (ان)ەوە. وەکو؛ (دایکان، باوکان، خوشکان، برایان، ...). بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا، لە شێوەی

دەربڕینی سلێمانی-دا، دەبێ ناوەکە بکرێتە ناسراو، ئینجا نیشانەی (کۆ)ی بۆ زیادبکرێ. بۆ نمونە؛ (وا دارەکان ئاو ئەدەم). بەڵام لە شێوەزاری هەولێر و کۆیەدا، دەتوانرێ بەبێ نیشانەی ناسراوی، ڕاستەوخۆ بکرێ بە کۆ. وەکو؛ (وا داران ئاو دەدەم، وا جلکان دەشۆم). لە شێوەی سلێمانی-دا، ئەگەر ناوەکە نەکرێ بە ناسراو، ئەوا نیشانەی (کۆ)ش وەرناگرێ و لە فۆرمی تاکدا دەمێنێتەوە. بۆ نمونە؛ (وا جل ئەشۆم).

| شێوەی کۆیە | شێوەی هەولێر | شێوەی سلێمانی |
|---|---|---|
| وا جلکان دەشۆم. | وا جلکان دەشۆم. | وا جل ئەشۆم. |

### 4. ئەنجام

- دەڤەری کۆیە خاوەن مۆرفیمی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیەتی بەرێژەی 26%
- دەڤەری کۆیە لەگەڵ سلێمانیدا لەهەندێك مۆرفیمی ڕێزمانیدا هاوبەشن بەرێژەی 21%
- دەڤەری کۆیە لەگەڵ هەولێردا هاوبەشیان زۆرە لە بەکارهێنانی مۆرفیمی ڕێزمانیدا و بەرزترین ڕێژەیە کە دەکاتە 53%
- بەکارهێنانی ڕێژەی جیاوازی مۆرفیمی ڕێزمانی لە دەڤەری کۆیە دەبێتە سیمایێکی جیاکەرەوەی دیاری دەڤۆکی ئەو دەڤەرە لەگەڵ دەڤەرەکانی تری خاوەن هەمان دیالێکتی سۆرانی.




### 5. لیستی سەرچاوەکان

### 1.5 زمانی کوردی

### 1.1.5 پەرتوك


1. ئەورەحمانی حاجی مارف(2014)، ڕێزمانی کوردی-وشەسازی. بەشی یەکەم-ناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
2. ئەورەحمانی حاجی مارف(2014)، ڕێزمانی کوردی-وشەسازی. بەشی دووەم-جێناو،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
3. ئەورەحمانی حاجی مارف(2014)، ڕێزمانی کوردی-وشەسازی. بەشی سێیەم-ئاوەڵناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
4. ئەورەحمانی حاجی مارف(2014)، ڕێزمانی کوردی-وشەسازی. بەشی پێنجەم-کردار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
5. ئەورەحمانی حاجی مارف(1975), وشەی زمانی کوردی, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغداد.
6. -ئەورەحمانی حاجی مارف (1977)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغداد.
7. دلبرین عەبداللە عەلی(2012), جوداکرنا کارێ لێدای ژ کارێ خودان تەواوکەرویەرکا, چاپخانا هاوار, دهۆك.
8. رفیق شوانی(2011), وشەسازی زمانی کوردی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
9. ڕۆژان نوری عبداللە(2007),فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی, دەزگای چوارچرا, سلێمانی.
10. زێرین خورشید سلیم(2012), ئەلۆمۆرف د زمانێ کوردیدا,چاپا ئێکێ, چاپخانەیا خانی, دهۆك.
11. شێرزاد صبری علی و ئاراس مونیب(2016), وشەسازی,دەزگەهێ ئالبەند بۆ چاپ و وەشانێ, دهۆك.
12. شێرکۆ بابان(2008), بەرەو وشەڕۆنان, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر.
13. عبدالواحید موشیر دزەیی(2012), وشەسازی زمانی کوردی, هەولێر.
14. عبدالواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ئاویز، هەولێر.
15. محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر(2006), چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی, دەزگای بڵاوکردنەوەی:بەشی ڕووناکبیری, چاپخانەی ڕوون, سلێمانی.
16. نەریمان خۆشناو(2007), چەند بابەتێکی زمانەوانی, چاپخانەی شەهید ئازادی هەورامی, کەرکوك.
17. وریا عومەرئەمین(2004), ئاسۆیەکی تری زمانەوانی, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر.
18. یارا قادر حمد(٢٠٠٨)، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر-زانکۆی کۆیە.


### 2.1.5 نامەی زانکۆیی


1. ئاراس مونیب ئەحمەد(2014), بەراووردییەك دناڤبەرا مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کارێ د دیالێکتا باکورا ستاندەرو دەڤۆکا دهۆکێدا, نامەیا ماستەر, زانکۆیا ماردین ئارتکولوو, تورکیا.
2. بازیان یونس محی الدین(2008), پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکسی, نامەی ماستەر, کۆلێژی زمان, زانکۆی سەلاحەدین.

3. سەگڤان جەميل محەمەد(2008), مۆرفيما(-ا) و تايبەتمەنديێن وێ د كورمانجيا ژووريدا, نامەيا ماستەرێ, كۆليژا ئادابێ, زانكۆيا دهۆك.
4. عبدالواحيد موشير دزەيی(١٩٩٩)، پێكهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێردا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر
5. مستەفا محەمەد زەنگەنە(1989),كارو ئەركی لە سينتاكسدا, نامەی ماستەر,كۆلێژی ئاداب, زانكۆی سەلاحەدين.

## 3.1.5 گۆڤار

1. بائيز عمر أحمد(2015),نيشانێن نفش و كۆمكرنێ د گوڤەرا بەهدينی يا كوردا سەريدا, گۆڤارا زانكۆيا دهۆك, پەرپەندا(18), ژ(2).

## 2.5 زمانی عەرەبی

1. محمد عبدالوهاب شحاته(1998), مفهوم المورفيم فی العلم اللغه الحديپ, دراسه نثريه ومحاوله تكبيقيه فی العربيه, مجله علوم اللغه, المجلد الاول, العدد الاول, القاهره.

## زمانێ ئينگليزی

1. crystal. d (1985). an introduction of linguistics and phonetics. second edition. basil blackwell ltd.
2. stageberg. n. c, (1981), an introdoction to english grammer, 4th edition, holt, rinebert and winston.